# بەشێک لە پەیامەکان کە بۆ کۆنگرە هاتوون

## بەڕێزان! هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان
## بەڕێزان! ئەندامانی سێیەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان

وێڕای سڵاوێکی گەرم،پێک هێنانی سێیەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان لە ئێوەو هەموو ریزەکانی حزبتان پیرۆز بێت.ئارەزوودەکەین کۆنگرەکەتان بەسەرکەوتوویی و تەبایی کۆتایی پێبکۆنگرەکەتان بەسەرکەوتوویی و تەبایی کۆتایی پێبێت.هیواداریین ئەم کۆنگرەیە ببێتە هۆی زۆرتری خەبات و تێکۆشانتان .

هەروەک دەزانن ئەورۆ خەباتی رزگاریی خوازی گەلی کورد هاوکات لەگەل ئەوەی کەپێشوەچونی زۆری بەخۆیەو بینیوە،هێشتامەترسی وکەندو کۆسپی گەورەشی لەسەرڕێگایە، هێشتاداگیرکەرانی کوردستان هەموو پلانێک دەگێرن تاهەر دەسکەوتێکی کورد تێکبدەن.بە بروایی ئێمە لەو هەلومەرجەدا وەزیفەی هەموو و حیزب و رێکخراوێکی سیاسی کوردستانە کە خەبات بۆ گەشەی دیموکراسی و بۆ چەسپاندنی عەدالەتی کمەلایەتی بکاتە ئامانج و رێنوێن.پارێزگاری لەدەسکەوتەکانی شۆڕشی خەلکی کورد تەنیالەرێگای بەشداری بەرینی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و بروایان بەخەبات،مسۆگەر دەبێت.وەزیفەمانە هەم دلسۆزانە پارێزگاری لەو ئەزموونەی باشوری کوردستان بکەین و هەم ژیرانە رەخنەی لێ بگرین و بۆچاک کردنی حەول بدەین.ئەوەش بەچەسپاندنی دیموکراسی و حەولدان بۆکرانەوەیدەرگای دیالۆکی سەمیمانە مومکین دەبێت.ئەمڕۆ لەهەنووکاتێک پێویستترە کەیەک ڕیزی خەلکی کوردستان بپارێزرێ لەهەر پارچەیەکی کوردستان لەگەل پارچەکانی تر،ئەرکێکی نەتەوەیی وئازادی خوازانەیە کەبەهەمووومان دەبێ کاری بۆ بکەین زەحمای بۆ بکێشین.دلنیاین و هیواداریین کۆنگرەکەتان بۆ ئەو ئامانجانەهەموتوانای خۆی بخاتەگەڕ.جارێکی دیکەلەلایەن خۆمان و هەموو ریزەکانی کۆمەلەوەداوای سەرکەوتن بۆخۆتان و کۆنگرەکەتان دەکەین

**دەفتەری سیاسی**
**کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
2009/12/23



## بەڕێز کاک ڕێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان
## خۆشەویستان ئەندامانی سێهەمین کۆنگرە

دوای سڵاوو ڕێز

بەختەوەرین کە بە ناوی خۆمان و سەرجەم رەوەندی کورد لە ولاتی ئەڵمانیا پیرۆزباییتان لێبکەین و هیوای سەرکەوتن بۆ خۆتان و بۆ کۆنگرەکەتان بە ئاوات بخوازین.

بەڕێزان! کۆنگرەکەتان لە کاتێکدا بەڕێوەدەچێ کە عەرەبە دەمارگیرەکان هەوڵی کەمکردنەوەی دەستکەوتەکانمان دەدەن لە باشووری کوردستان، بۆ نەگەڕانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان کار دەکەن، بۆیە یەکڕیزی کوردستانیان لەهەموو کاتێک پێویسترە، هیواداریین کۆنگرەکەتان جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکاتەوە.

هەر بژین

**رەوەندی کورد لە ئەڵمانیا**

## زۆر بەڕێز مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاریی کوردستان
## بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی سێیەم

بەسلاوی گەرمی هاوخەباتتانەوە

لەلایەن ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان بەناوی سەرجەم ئەندامانی حزبمانەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی پکهاتنی سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاری کوردستانتان لێ دەکەین و سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیەتان لە جێبەجێ کردنی هەرچی باشتری ئەرکەکانیدا بەئاوات دەخوازین.

سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاریی کوردستان لە کاتێکدا پێک دێ کەهەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی بەرەو هەلبژاردنی پەرلەمانی دەچێ دەشزانین کەداهاتووی جێگەو بێگەی کورد لەعێراقی ئەمرۆدا رێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێم و دەولەتی ناوەندی وهەروەها چارەنوسی کەرکوک و ناوچە کوردیەکانی دەرەوەی هەرێم بەدەنگ و قورسایی نوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی داهاتووی عێڕاقدا بەستراوەتەوە. هەلبژاردنەوەی ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش، دەرفەتێکی دیکەیە لەبەردەم دانیشتوانی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان بۆ ئەوی شان بەشانی تاقی کردنەوەی نفوزوو پێگەی جەماوەری خۆیان لەملبەملەیەکی دیموکراتیدا،دەسەلاتی بەڕێوەبردنی کاروباری شارو پارێزگای خۆیان بە نوێنەرانی هەلبژێردراو بسپێرنەوە.

ئەم کۆنگرەیەتان هەروەها لەهەل ومەرجێکدا پێک دێ کە نەک هەر عێراق ،بەلک و لەدراوسێیاتی ئەو وولاتەشدا ئالو گۆری گرنگ بەڕێوەن . تورکیا بەرەو رووی ئەزمونێکی گرنگ بۆتەوە . عەقلیەتی ڕوانینی واقیع بینانەو بەخۆدا چونەوە کە پرۆژەی کرانەوە بەروی کوردی لێکەوتۆتەوە،لەگەل بیری کرمالیستانەو شۆڤینیانە کەدژی داننان بەبونی نەتەوەی کوردن،لەململانێ دایە لەئێرانیش بزوتنەوەیەکی سەرانسەری دژی دەسەلات دارانی سەرەڕۆو کودەتاچی وەرێ کەوتووە کەداوای کۆتایی هاتنی سەرسڕۆیی و دکتاتۆری دەکات و خوازیاری دیموکراسی ومافی مرۆڤە.خەباتی کوردەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستانلەپێناوی مافە نەتاوەیەتیەکانیان دا کەلە 30 سال لەمەو بەردەستی پێکردوە،هەروا بەردەوامە بەم جیاوازیە ئەگەر جاران ئەم خەباتە لەگوندو چیاکان ولەخۆ ڕاگری هێزی پێشمەرگەدا خۆیی دەنواند ،ئەمڕۆ بۆ هەموو شارەکانی کوردستان بۆ نێو توێژە روناک بیرەکان و بۆ زانستگەکانی سەرانسەری ئێرانپەلی هاویشتوەو بوە بەبەشێکی سەرەکی لەو خەباتە بەربلاوە کە دژی ڕژێمی تۆتیالیتری کۆماری ئیسلامی لەئارادایە. لەسوریەش ڕاستە هەولدان بۆ بۆسڕینەوەی شوناسی کوردو سەرکوتی هەر دەنگێکی ناڕازی تونتر لە پشوو درێژەی پێ دەدرێ، بەلام بەرخودان و بەلام بەرخودان و خەبات بەمەبەستی کۆتای هێنان بەم بێمافیی وبندەستیە لەمێژینەیە لەپەرەگرتن دایە،بەجۆرێک کەهاواری زۆر لێکراوەی خوشک وبرایانی کوردمان لەو وولاتە،خەریکە سەرنجی کۆڕوکۆمەلە مرۆڤ دۆستەکانی دونیا رادەکێشێ. هەمو ئەو ڕوداوو ئالو گۆڕانە عەزم و ئیرادەی نەتەوەیەکی گەورە لەپێناوی گەیشتن بەرزگاری و دیموکراسی و،شیلگیربوونی لە خەبات و قوربانی دان تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزوو پیرۆزەکانی دەگەیینەن. ئێمە چاوەروان و هیوا دارین گۆنگرەی سێیەمی حزبی رزگاری کوردستان بە سەرنج و بایەخپێدانی تایبەتییەوە گۆران و رووداوەکانی پەیووەندی دار بە پرسی کورد لە عیراق و ناوچەدا هەلبسەنگێنی و لەبەر رووناکی لێکدانەوەی ووردی هەلوومەرجی سیاسی گشتی کوردستان وناوچەداو لە ئارستەی بەرژەوەندی نەتەوەیی جزمەت بە بەرەو پێشچونی دیموکراسی، پێکەوە ژیانی بە ئاشتی و مافی مرۆڤدا، بەرنامەو سیاسەتەکان و ئەرکەکانی حزب لەو قۆناغەدا پەسەند بکات.

**دۆستانی خۆشەویست!**

ئێمە لەم دەرفەتەدا لەسەر پەیوەندی دۆستانەی حزبمان لەگەل حزبی رزگاری کوردستان و هەروەها لەسەر هاوخەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و پێویستی هاوپەیوەندی و هاوکاری نیوان حزب وریکخراوە تێکۆشەرەکانی کوردستان پێدادەگرینەوە خۆشحال دەبین ئەگەر کۆنگرەکەتان لە بەلگە نامەکانی خۆیدا ئاور بداتەوە لەسەر خەباتی کورد لە بەشەکانی دێکەی کوردستان و پیشتوانی لە داخوازیە رەواکانی بکات.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی پێکهاتنی ئەم کۆنگرەیەتان لێ دەکەین و کۆنگرەیەکی پڕ لەدەسکەوت و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

**حزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
2009/12/24

## برای تێکۆشەر سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاریی کوردستان
## برایانی تێکۆشەر، ئەندامانی سەرکردایەتی مەکتەبی سیاسی

سڵاوی کارو تێکۆشان :

بەبۆنەی بەستی کۆنگرەی سێیەمی حزبەکەتانەوە ، دلخۆشین لەپارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا(یەکێتی)وە جوانترین پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز بکەین، لەڕێگەی ئێوەشەوە سلاوی خۆمان بە گشت لایەنگرو دۆستانتان دەگەیەنین، هیواداریین کۆنگرەکەتان سەرکەوتوبێت وبڕیاری گرنگ دەربکات کە لەگەل ئەوقۆناغە هەستیارەی ئێستادا بێتەوەو لەخزمەت کێشەی کورد دابێت.

هەڤالانی بەڕێز؛

کۆنگرەکەتان لەکاتێکدا دەبەسترێت کەگۆڕانی خێرا لەناوچەکەو جیهاندا ڕوودەدەن،گەلی کوردمان لە رۆژئاوای کوردستان بەردەوام لەژێر سیاسەتی چەوسانەوەولەناوبردن دایە بەهۆی سیاسەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتڕاکی، وەک ئەو ڕوداوانەی لەقامشلی و بەشەکانی تری ناوچە کوردنشینەکانی کورد لەسوریا ڕوویان دا، لەژێر باری ئەمنی توندا چەکیان بەکار دەهێنا بەرامبەر بەو کوردانەی کە بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی (نەورۆز) کە بەشێوەیەکی شارستانی و ئاشتیانە ئاهەنگیان دەگێڕا ، کەلەو ڕژەوە تاکو ئیمڕۆ بەردەوام هەلدەکوتنەسەر ئەو تێکۆشەرانەی داکۆکی دەکەن لەسیستەمی دیموکراتی لەسوریا بەردەوامە بۆدادگایی کردنیان و سزای توندو نارەوایان بەسەردا دەسەپێنن .

لێتان شاراوە نیە کە داگیرکارانی کوردستان، دژ بە ئەزموونی دیموکراتی لە عێراقی فیدرالی و فرەیی کاردەکەن، هەروەها پیلانگێری دژ بە هەرێمی کوردستان بەرێوەدەبەن، ئەمەش یەکێتی هەلویستی کوردستانی دەخوازێ، بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان پێویستە وەک یەک تیپ لە هەلبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو کاربکرێ.

جارێکی تر پیرۆزبای بەستنی کۆنگرەکەتان دەکەین وهیوای سەرکەوتنی کاروخەباتتان بۆدەخوازین، ئومێدەوارین پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردولا زیاتر بەروپێش بچێت.

بژی کورد بژی کوردستان

**مەحمود محەمەد (باقی سابیر)**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری پارت لە کوردستان**
2009/12/17

## بۆ/ سێهەمین کۆنگرەی حزبی ڕزگاریی کوردستان

سڵاوی سەربەخۆبوون و ئازادی........

لەدەسپێکدا بەبۆنەی بەستنی سێیەم کۆمگرەی حزبتان (حزبی رزگاریی کوردستان )بە ناوی خۆمان وگشت لایەن گرانی یەکێتیمان YNDK،پیرۆزبایی سازدانی کۆنگرەکەتان لێ دەکەین وخوازیارین کۆنگرەکەتان سەر کەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت و بڕیارو راسپاردەکانی ببنە هۆکاری زیاتری خزمەت کردن وئاواکردنی ولات.بۆدهولەمەند کردن وسەرخستنی کۆنگرەکەتان ئەم سەرنج وتێبینیانە دەخەینەبەردام ئەندامەبەرێزەکانی سێهەمین کۆنگرەی حزبتان بەهیوی سوود وەرگرتن لێیان.

**بەڕیان:** کۆنگرە لە ژیانی هەموو رێکخراوو حزبێک دا گرنگی و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە،بۆتاو توێ کردنی کارەکانی نێوان دوو کۆنگرەو دەستنیشان کردنی خالە لاوازو کێماسیەکان ودانانی بەرنامە بۆ کارو خەباتی داهاتوو هەلوەستەکردن و شی کردنەوەی رەوشی سیاسی وئابوری وکۆمەلایەتی وولات،ئەمەش دەبێتە خالی وەچارخان وریکخراو بەهۆیەوە پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ ی کاروخەبات، ئێوەی بەڕێزو تێکۆشەریش کۆنگرەکەتان لە قۆناغێکی هەستیاردا دەبەستن وکۆنگرەکەتان روو بەرووی کۆمەلێک پرسی چارەنووس سازوپەیوەند دار بە داهاتووی نەتەوەکەمان دەبێتەوە،بەتایبەت ئەو کێشەو گرفتانەی لەسەر ئاستی عێراق و نکولی کردن لەمافەکانی گەلەکەمان لەهەموو بەشوکانی کوردستان رۆژبەرۆژ بەرنامەرێژی بۆدەکرێ لەلایەن ناحەزانەوە .

1/کودستان ولاتێکی داگیر کراوودابەشکراووسامان دزراوەلەلایەن داگیر کەرانەوە،ئێمەش وەکو هەممو نەتەوەکانی دونیا مافی خۆمانە رزگار بین و کیان و دەولەتی سەربەخۆیی کوردیمان هەبێت،بۆیە پێویستە لەکۆنگرەکەتان گرنگ و پانتاییەکی زۆر بەگوتاریی سەربەخۆیی کوردستان بدەن

2/ئاسایشی نەتەوەیمان خالێکی هەرەگرنگە لەم قۆناغەی کەردستان پێیدا تێپەر دەبێت و مەترسی لەسەرە بۆیە پێویستە هەلوەستەیی لەسەربکەن و تاوتوێی بکەن.

3/گەراندنەوەی بێ مەرجی ناوچە دابڕاوەکان بۆسەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی هەرە گرنگەو پێویستە بەپەلە کاری بۆبکرەین.

4/پالەپەستۆ خستنە سەر حکومەتی عێراق بۆقەرەبوکردنەوەی کەس وکاری ئەنفالکراووکیمیاباران و شەهیدانی کوردستان.

5/تاوتوێکردنی بارودۆخی بەشاکانی تری کوردستان،بەتایبەت هەموو ئەوپێشێلکاریانەی داگیرکەرانی کوردستان دەرهەق بەنەتەوەکەمان دەیکەن وگەیاندنیان بەکۆمەلگاوریکخراوە نێودەولەتیەکان.

6/پێکهێنانی لیژنەیەکی سەربەخۆ بۆنەهێشتنی گەندەلی لەکوردستان

7/دیاری کردنی سنوری باشوری کوردستان و بەرەسمی ناساندنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە

8/ئافرەت نیوەی کۆمەلەو،لەسەرکردایەتی زۆربەی پارت ولایەنەکان بوون وژمارەیان کەمە،بۆزیاتر رۆلدان بەئافرەتان پێویستە بریار بدەن ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان سەرکردایەتی نوێ ی حزبەکەتان پێک بهێنێت.

9/ئەمرۆ هەندی لایەنی عەرەبی توندرەو و ولاتانی ئەقلیمی دژایەتی کیان ومافەکانی گەلی کوردستان دەکەن بۆیە پێویستە بەیەکڕیزی ویەکگرتویی مافەکانمان دەستەبەر بکەین.

10/بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم قۆناغەدا بۆسەرجەم پارت وریکخراووکەسایەتی و وولاتپارێزان و نیشتمان پەروەرانی کوردستان بە ئەرکێکی بەپەلەی ئەم قۆناغەی دەزانین، بۆئەوەی بەوردی تاو توایێ بارودۆخی کوردستان بکەین ئینجا لەژێر رۆشناییان بەرنامە بۆ هەر بەشێکی کوردستان بەرەچاو کردنی بارودۆخی هەربەشەیی وتاکتیک و ستراتیژی نەتەوەیمان دیاری بکەین و بۆ هەنگاو نان بەرەو سەر بەخۆی کوردستان.

هەربژین وسەرکەوتووبن بۆ کوردوکوردستان

**مەکتەبی سیاسی**
**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
2009/12/19

ڕۆژی گەل
هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات
خاوەنی ئیمتیاز: ڕێکار ئەحمەد.. ژمارەی تەلەفۆن:07501191497
سەرنووسەر: حوسێن حەسەن .. ژمارەی تەلەفۆن: 07504471631

هەولێر
گەڕەکی رزگاری
شەقامی شەست مەتری
نزیک وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە
07501179846

سلێمانی
گەڕەکی رزگاری
نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم
بەرانبەر زانکۆی ئەمریکی
053219256

کەرکوک
گەڕەکی شۆرجە
بەرانبەر فێرگەی
شۆرجەی کچان
07701325080

رانیە
گەڕەکی رەشەمێرگ
بەرانبەر بارەگای
پێشمەرگەدێرینەکان
07501163805